**بگەڕێن بەدوای کەڵەشێرەکەدا!** ( **ئەفسون**)

(وەڵامێک بۆنوسینەکەی ئەحمەد سەلیم کە سەبارەت بە* کتێب خانەکەی مامۆستا سیوەلی* نوسیبوی)

کەنوسینیی هەندی نوسەر دەخوێنمەوە چ کوردی بێت یا عەرەبی یا ئەڵمانی یٲ فارسی، چەندە ناوەرۆکەکی بەلامەوەشیرین وبەپێز بێت،ئەوەندەش باسکردنی ئەوبابەتە لەکاتی خۆیدا سەرنجم ڕادەکێشسێت،گرنگتر ئەوەیەکەمرۆڤ دەبێت لە باس کردنی دەقەکاندا ڕاستگۆبێت و کەم بێت یٲزۆر شارەزاییەکی لەو بوارە دا هەبێت. نابێت هەربەڕێسا کۆن و کلاسیکیەکە ڕەفتار بکەین وخۆمان لەکارێکدا هەڵبقورتێنین کە شارەزاییمان تیدا نەبێت.خۆشەویستی وڵات وکوردایەتی تریاک نییە کەکێشات راستەو خۆببیتە تریاکی،خۆشەویستی وڵات مادەیەکە کورد وتەنی لەحەوت پشتدا بۆت دەمێنتەوە،ووشەنیە بەدڵی خۆت گەمەی پێبکەیەت.ئەوانەی دوێنی بەردیان دەگرتە کاژیک وپاسۆک و گشت نەتەوەییەکان،بەس لەبەر ئەوەی کەئەوان خۆشەویستی وڵات و هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون ،دەهاتن تاج وتوانیان پێ هەڵدەدان،لەبەر ئەوەی شارەزاییان لەو تاج وتوانە پێ هەڵدانە دا نەبوو هەنوکە زیاتر لەوان نەتەوەیین وبەباڵای وڵاتی شیرینمان دا هەڵدەدەن و بەقەولی خەییام*خشتی گڵی کۆنەمردوانمان پێدەفرۆشن،هەرچندەش بەدەردی مامرەکەش چون.ئاخرئێستاش بەناوی سیانیاندا (کەبۆنی گییای کوردیشان لێ نایەت) واتە بەناوی ئەحمەو مەحمووە دێن توانج دەگرنەڕوناکبیرانمان. ئێستا سەردەمێکە کەشارەزاییبون زیاتربوار دەدات بۆناساندی مرۆڤ.مرۆڤی هەنوکە زیاتر لە چوار زمان دەئاخافتێ وجار هەیە تێ دەگات.گەر بێیت و تەماشای تیڤیەکانی ئەڵمانیا بەکەیت دەزانیت کەبۆباسکردن لەهەربوارێکدا کەسێکی گونچا وجاری واش هەیە خاوەنی بەرزترین بڕوا نامە دێنن بۆ لێکۆڵینەوەلەوبوارە دا.کەسێک باسی تاوان دەکات گەر یاساناسیش نەبێت دەبێت لە باسکردنی ئەوبوارەدا خاوەنی بڕوانامەیەک بێت و لێکۆڵینەوەیکی کردبێت.نابێت کەسێک حەز بە رۆژنامەوانی بکات وکاتی نەبێت بەشداری لە کۆرسی ئەوبابەتەدا نەکات ونەخاسمە لەوڵاتێکی پێشکەوتودابێت.نەبوە و نابێت کەسێک نەزانێ یەک کەڕەت یەک دەکاتەچەند وبێت باسی ماتماتیکمان بۆبکات خەزیش نەکات بەدەردی مامرەکەش بچێت.

کارەساتەکەی مامۆستا ڕێبوار گەر لەوڵاتێکی پێشکەوتو بواییە،بەگشت ئامێرێکی پێشکەوتویشی لەهەفتەیەک کەمتر ئە نجامەکەی نەدەدرکا، تائەنجامێکی دروست و تەواویان دەدابایێ.جەنابت ناناسم ونازانم ئایا شارەزایی جەنابت لە سوتان دا هەیەوا فالگر ئاسا نیشانەت پێکا وزانیت?.خۆ کارمەندانی حکومەت وتیان :.هۆکارەکە کارەبابووەو بەس.

براله مامۆستا ڕێبوار خۆشی هەندەرانی وەلاوەناوەو بەکردار وبەڕەفتار خزمەت بە منداڵ و هەرزەکاریهەولێر دەکات.خاوەنی بڕوانامەیەو لەبوارەکەی خۆییدا خزمەت دەکات.کەلەهەندەرانیش بوەتێکۆشاوەو بەبڕوانامەوە گە ڕاوەتەوە بۆهەولێرمان.زۆرن دەنوسن وبڕوانامەیەکی زانستیشان نیەلەو بوارەدا.وەرگرتنی بڕوانامە کارێکی وا ئاسان نیە لالۆ.کە بە سوتاندنیکتێبەکانی دڵی زویرکرد،ئاخرپەرتوک کانیە کە،ئەو ئاوی تێیداخواردبوەوەخۆشی ویست . ئەمیری سێهەم هات و هیچ کەبەردی تێگرت،سوتاندیشی.

بەڕێزگیان هەر بازی بازی بەڕیشی ڕێبوار سیوەیلی بازیگەرئەمسالی وەک جەنابت سۆزی خۆشەویستی هەولێر هەڵی گرتون دەتانەوێ وخەریکن بەنوسینەکانتان برینی شێخی قوندەرمان لەبیردەبەنەوە ،هەڵەن ... بڕۆن بەدوای ئەمیری سێهەم دا بگەڕێن.هاکا جیرانتان بوبێت یاخوت بێت.

بەجێی خۆماندوکردن بەهەندێ بابەتی نابەها،باخۆمان لەم جنجاڵەڕەها بکەین. وازلە نوسەرانی روناکبیر بهێنین دەست نەخەینەکارەکانیان.

ئێوە کۆمەڵێکن لەوەتەی هەن دەوری ئۆپۆزسیۆن دەبینن،بێ ئەوەی هینی خۆتان وگێژەر لەیەک جوێ بکەنەوە. کۆمەڵگای ئێمە بەدەمی ئەمیری سێ هەم و چوارەم ناترسێت .

دەگێڕنەوە ،جارێکیان لەگوندێک دا کابرایەکی دەوڵەمەند جگە لە وە ی چوار کوڕی یەکی یەکی دەبێت، مەڕو ماڵاتێکی زۆریشی دە بێت.ڕۆژێکیان کە دەمەو ئێوارێ دەبینێت کەڵەشێرەکەی ناگەڕێتەوە ماڵ.زۆردەگەرێت و

په یدای ناکات.ڕولەکوڕەکانی دەکات و دەڵێت: ڕۆڵەکانم بگەڕێن بەدوای کەڵە شێرەرکە دا.دیار نییە....کوڕەکانی بە تێکڕا
دەڵێن:بابەگیان ئێمە خاوەنی موڵک ماڵێکی زۆرین بۆکەڵەشێرێک نەنگە ئێمە بگەڕێن....کەڵەشێرێک چ نییە بابە ...پاش چەند مانگێک دەبینن
وا کلکی کەرەکەیان براوەو کەرەی داماو بێ کلک گەڕاوەتە قەراغ ماڵ.بۆجاری دووەم کابرا کوڕەکانی کۆدەکاتەوەو دەڵێت:ڕۆڵەکانم دوای تیمارکردنی کلکی کەرە ،بگەڕێن بەدوای کەڵەشێرەکەدا.کوڕەکانی بۆجاری دووەم دەڵێن:بابەگیان عیبەو کەر چ پیوەندی بە کەڵە شێرە کە وەهەیە. لەدوای چەند ڕۆژێک کوڕەکان دەبینن وا گڕلەخەرمانی ئەوساڵەیان بەر بووچ بەروبومی ساڵیان هەبو لە ڕۆژێکدا سوتا.کەکوڕەکان خەبەر لەبابیان دەدەن وکارەساتەکەی بۆدەگێڕنەوە کابرای دەوڵەمەند سەر ڕادەوەشێنێت وبەناچاری ڕودەکاتە کوڕەکانی و دەڵێت:گەر ئێوە بەدوای کەڵەشێرەکەدابگەڕانایا ،توشی ئەمرۆش نەدەهاتن.تازوەو درەنگ نەبووەبرۆن **بگەڕێن بەدوای کەڵەشێرەکەدا!**
بابێین وبەجێی پاشقول لەمو لەو گرتن ماف لەبەها بەنرخەکان بگرین لەجێی قیین سۆز بڕوێنین.

ئەلمانیا 19.09.05.